# داواکاری پەنابەری عیراقی – ڕێنمایی بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە

ئەگەر دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ عیراق، سێ ڕێگای جیاواز لەبەردەستدا هەیە:

١- دەتوانیت خۆت گەشتەکەت ڕێك بخەیت
٢- دەتوانیت بە یارمەتی پۆلیس بگەڕێیتەوە بۆ بەغداد
٣- دەتوانین بە یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بگەڕێیتەوە بۆ هەر شارێکی تری عیراق

لای خوارەوە ڕێنماییت دەدەینێ کە دەبێت چی بکەیت.

## ١- خۆت گەشتەکەت ڕێك بخەیت

ئەگەر بەگوێرەی پێویست پارەت هەیە بۆ کڕینی بلیت، دەتوانیت خۆت گەشتەکەت ڕێك بخەیت. ئەمەش خێراترین ڕێگایە بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەت. کامپی پەنابەران ناتوانێت پارە بە تۆ بدات و ناشتوانێت یارمەتیت بدات لە کڕینی بلیتی گەشت یان وەرگرتنی پاسەپۆرت.

**ئەگەر پاسەپۆرتی ماوە بەسەرنەچووت هەیە:**

١- داوای پەنابەرێتیەکەت بکشێنەوە:
- دەتوانیت پێش ڕۆیشتنت لە پۆلیس یان لە فەرمانگەی کۆچ ئۆفیسی هێلسنکی داواکەت بکشێنیتەوە.
- هەروەها دەتوانیت داواکەت لە فڕۆکەخانەی هێلسنکی – ڤانتا لە خاڵی پشکنینی سنوور بکشێنیتەوە. بەگوێرەی پێویست کات تەرخان بکە بۆ پشکنین سنوور!

٢- بلیتی گەشتەکەت بکڕە
٣- ئاگاداری ڕۆیشتنەکەت بدە بەو کامپەی کە تیایدا دەژیت.

**ئەگەر پاسەپۆرتەکەت لای کاربەدەستانە:**

١- برۆ لە بنکەی پۆلیس داوانامەی پەنابەریەکەت بکشێنەوە. لە بنکەی پۆلیس پرسیاری ڕێنمایی بکە کە چۆن پاسەپۆرتەکەت وەربگریتەوە.
٢- بلیتی گەشتەکەت بکڕە
٣- ئاگاداری ڕۆیشتنەکەت بدە بەو کامپەی کە تیایدا دەژیت.

**ئەگەر پاسەپۆرتت نیە:**

١- داوای بروانامەی گەڕانەوە بۆ وڵات بکە. بۆ وەرگرتنی بروانامەی گەڕانەوە بۆ وڵات پێویست دەکات کە خۆت بە شەخسی بچیت بۆ سەفارەتی عیراق. پەیوەندی بکە بە سەفارەتی عیراقەوە.
سەفارەت لە هێلسنکیە لە ناوچەی کوڵوساری:
ناونیشان: Lars Sonckin tie 2
00570 HELSINKI
ژمارە تەلەفۆن: ٨٦٩٨ ٩٤٥ ٣٥٨+
ئیمەیل: info@iraqiembassy.fi

ڕەچاوی ئەوە بکە کە، کامپی پەنابەران ناتوانێت نە مەسرەفی ڕۆیشتنت بۆ هێلسنکی بدات و نەش مەسرەفی مانەوەت لەوێ، بەڵکو پێویستە لەسەرت تۆ خۆت پێشوەخت ئەو شتانە ڕێك بخەیت. باشتر وایە پەیوەندی بکەیت بە سەفارەتەوە پێش ئەوەی بچیت بۆ هێلسنکی

٢- داوای پەنابەرێتیەکەت بکشێنەوە:

- دەتوانیت پێش ڕۆیشتنت لە پۆلیس داوانامەکەت بکشێنیتەوە. ئەگەر هەر جۆرە بەڵگەنامەیەکت لای پۆلیس جێهێشتووە، لە بنکەی پۆلیسدا پرسیاری ڕێنمایی بکە بۆ چۆنێتی وەرگرتنەوەیان.
- هەروەها دەتوانیت داواکەت لە خاڵی پشکنینی سنوور لە فڕۆکەخانەی هێلسنکی – ڤانتا بکشێنیتەوە. بەگوێرەی پێویست کات تەرخان بکە بۆ پشکنین سنوور!

٢- بلیتی گەشتەکەت بکڕە. ئەوە بزانە کە تۆ ناتوانێت بەڕێگا وڵاتانی شەنگندا بە فڕۆکە بڕۆیت، بەڵکو دەبێت فڕۆکەکە لە ڕاستەوخۆ لە هێلسنکیە وە بفڕێت بۆ دەرەوەی ناوچەکانی شەنگن.

٣- ئاگاداری ڕۆیشتنەکەت بدە بەو کامپەی کە تیایدا دەژیت.

## ٢- ئەگەر تۆ پارەت نیە بۆ کڕینی بلیتی گەشت و دەتەوێت بەزووترین کات بگەڕێیتەوە بۆ بەغداد، پۆلیس دەتوانێت یارمەتیت بدات

ئەگەر دەتەوێت بە پەلە بگەڕێیتەوە بۆ بەغداد، پۆلیس دەتوانیت لە ڕێکخستنی گەشتی گەڕانەوەدا یارمەتیت بدات. ئەو کەسانەی کە بە یارمەتی پۆلیس دەگەڕێنەوە یارمەتی پارەیان یان هیچ یارمەتیەکی تریان پێ نادرێت و گەشتەکە هەتاکو فڕۆکەخانەی بەغداد ڕێك دەخرێت، ئینجا لەوێوە دەبێت خۆت بەرپرسی ڕێکخستنی گەشتەکەت بیت بۆ شوێنێکی تر. پۆلیس تەنها بۆ کەسانی سەرووی هەژدە ساڵ و خێزانەکان ئە گەشتانە ڕێك دەخات.

١- لای پۆلیس داوانامەی پەنابەرێتیەکەت بکشێنەوە. ئەگەر پاسەپۆرتت هەیە یان هەر بەڵگەنامەیەکی تر لەگەڵ خۆت بیانبە کە دەچیت بۆ لای پۆلیس. بە پۆلیس بڵێ کە تۆ دەتەوێت بە یارمەتی پۆلیس بگەڕێیتەوە بۆ عیراق. هەروەها ڕێنماییەکانی پۆلیس بۆ چۆنێتی وەرگرتنی بەڵگەنامەی گەشت کردن لەم لینکەدا بخوێنەوە (LINKKI).

٢- ئەوسای کە کاتەکەت ئامادە دەبێت بۆ گواستنەوەت بۆ بەشی ترانزێتی گەڕانەوە لە ڤانتا، پۆلیس کامپی پەنابەران ئاگادار دەکاتەوە. هەتاکو ئەو کاتە دەتوانیت لەو کامپەدا کە لێی دەژیت چاوەڕوان بیت. کامپی پەنابەران بلیتی گەشتەکەت بۆ دەکڕێت و ڕێنماییت دەکات بۆ چۆنێتی ڕۆیشتن بۆ ڤانتا. **تێبینی!** هەتاکو کامپی پەنابەران مۆڵەتت پێ نەدات بۆت نیە بڕۆیت بۆ ڤانتا.

٣- پۆلیس گەشتەکەت ڕێك دەخات بۆ بەغداد. لە کامپی پەنابەرانی ڤانتا پێت دەڵێن کاتی فڕینی فڕۆکەکە کەی دەبێت و پێت دەڵێن چۆن بچیت بۆ فڕۆکەخانە.

## ئەگەر دەگەڕێیتەوە بۆ شوێنێکی تر جیاواز لە بەغداد یان ئەگەر پێویستیت بە جۆرە یارمەتیەکی تایبەت هەیە گەڕانەوەت بۆ وڵاتەکەت

ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی هەیە بۆ ڕێکخستنی گەشتەکەت بۆ شوێنێکی تر جیاواز لە بەغداد، یان ئەگەر لەکاتی گەشتەکتدا یان گەڕانەوە بۆ ماڵەوە پێویستیت بە جۆرە یارمەتیەکی تایبەت هەیە، دەتوانیت لە کامپەکەی خۆتدا داوا پێشکەش بکەیت بۆ یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە. هەروەها ئەو داواکاری پەنابەریانەی کە تەمەنیان لەخوار هەژدە ساڵاندایەو سەرپەرشتیان لەگەڵدا نیە دەتوانن بە ڕێگای ئەم یارمەتیە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان.

١- لەو کامپی پەنابەرانەدا کە تیا دەژیت داوای یارمەتی بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بکە. پرسیاری زانیاری زیاتر لە کارمەندەکانی کامپەکە بکە. هەروەها دەشتوانیت ڕێنماییەکان لە ناونیشانی www.migri.fi/paluu بخوێنیتەوە ، بە ئینگلیزی (www.migri.fi/return).

٢- بە شەخسی داوای پەنابەرێتیەکەت بکشێنەوە یان لە بنکەی پۆلیس یانیش لە فەرمانگەی کۆچ لە ئۆفیسی هێلسنکی. ئەگەر داوانامەکەت لە ژێر تاوتوێکردندا بێت یارمەتیت بۆ سەرف ناکرێت.

٣- ئەگەر یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەت بۆ سەرف بکرێت، ئەوسا بۆ ڕێکخستنی گەشتەکەو وەرگرتنی پاسەپۆرت هەروەها بۆ کڕینی بلیت بۆ وڵاتەکەت یارمەتی دەدرێت. ڕێکخستنی گەشتەکان ڕێکخراوی جیهانی کۆچ ( ئای ئۆ ئێم IOM) جێبەجێی دەکات.

٤- دەتوانیت بێجگە لە پارەی کڕینی بلیتی گەشتەکەت، یارمەتیەکی تریش وەربگریت بۆ دووبارە نیشتەجێبوونەوەت لە وڵاتەکەی خۆتدا.

**بۆ زانیاری زیاتر دەتوانیت لە کامپەکەی خۆتدا یان لە پۆلیس پرسیار بکەیت**